# ئینفلۆنزای باڵنـــــدە یان پەتای شەڕی پارتی و د. کەمال ... دلێر محمود سابیر



ئەمڕۆ گەلانی جیهان سەرقاڵی هەوڵ و کۆششن بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەك بە هەر نرخێك بێت بۆ لە بن بڕ کردنی عیللەتی کوشندەی ئینفلۆنزای باڵندە کە مەزەندە ئەکرێ زۆر لە نەخۆشی ئایدز ترسناك تر بێ بۆیە دەزگا تەندروستیەکانی جیهان لە هەوڵدان و ووتوو وێژدان تا بە هەموو پسپۆڕەکان لەم بوارەدا تاقی کردنەوە ئەنجام ئەدەن نەکا ئافاتێکی وا کارەساتێك درووست بکات ڕێژەی مرۆڤ لە سەر زەوی بەرەو فەنا بوون و نەمانی یەکجارەکی بچێت، بۆ ئەم مەبەستەش بە ملیارەها دۆلار خراوەتە گەڕ بۆ خەمخۆران و هەوڵ و تەقەلای زاناکانی ئەم بوارە تا هیچ نەبێ زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە، لە کوردستان بە پێچەوانەوە هەرچەندە پەتاکە تا ئێستا هیچ وورتەیەکی لێوە نەهاتووە و کەس لێی مەعلوم نەبوە کە هەبێ یان نا بەڵام کەش و هەوای هاتنی زۆر لە بارەو هەموو یارمەتی دەرێکی بۆ ڕەخساوە کە دەسەڵاتی کەسی تیا نیە ئەگەر سەرهەڵدا، ڕەنگە لەو پەتایە ترسناك تر هەبێ وئێمە تا ئێستا درکمان پێ نەکردبێ و ڕۆژانە کار لە هۆش و بیرو دەروونی زۆرینەی میللەتی کورد ئەکات، بە ڕای ئێوە پەتای کوشندەی دکتۆر و پارتی هەمان پەتای کوشندە نیە ئەمڕۆ گیرمان خواردووە بە دەستیەوە؟ خۆ دەردو بەلا هەر ئەوە نیە کە بە ڤایرۆس یان بەکتیریا یان جۆرە میکرۆبێك ببێتە عدوا و کوشندە بێ، نەخێر پەتایەك هەیە لە ڕێی زمانەوە نەقڵ ئەبێ و تەشەنە ئەکات بۆ کەسانی تر و ئەسا وەك ئەڵێن بە زمان بوەستێ سەر ڕەحەتەش چارەسەر ناکرێ، مەسەلەی پەتای (دکتۆر+پارتی) لای هەموو نووسەران و نزیك لەم باسەوە ڕوونە هەردوولا چیان ئەوێ لە زۆرانێکی بێ وێنەدا هەر یەك ئەیەوێ تەقلە بەوی تر لێ بدات بۆیە بۆتە قەرەباڵغی و هەر کەس بە مەزاج و ئیقاعێ ووردەکاریەکانی ئەم مەسەلە چارەنووسیە هەڵ ئەشێلێ و لە سەر سینیەك ئەی خاتە بەر دەم خەڵکی بێ ئەوەی چارەسەرێکی زانستیانەی پێ بێ، هاتنە کایەی ئەم پەتایە لەم کات و ساتە ناسکەدا ئەبێ کەسانی پسپۆڕ هەڵی سەنگێنن بزانن چی لە دوایەوە هەیە کە هانی ئەدات کێشەیەك لەو جۆرە بخولقێ؟ خۆ دکتۆر کەمال کەسێکی نەفام نیە نەزانێ بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان چی پێویستە بۆی بکرێ ئەگەر ئەمە لوغزێکی تری بە دواوە نەبێ!! درووست بوونی پەتایەکی لەو شێوەیە ئەبێتە لە یەك دابڕانی هەموو چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان لە بەر ئەوەی لەم کاتەدا ئەوەی ناحەزە بە کورد و دەستکەوتەکانی هەموو خەریکی خۆ کۆکردنەوەو خۆ ڕێك خستن و ئیئتیلافن بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی ئایندەی عێراق دا ئەو دەنگە کپ بکەنەوە کە کورد توانی بە ڕێژەیەکی نمونەیی بیهێنێ و ئەو نووزەیەی تیا نەمێنێ تا بەرگری لە بوونی خۆی بکات لە پەرلەمانی عێراقی داهاتوودا و دەنگی نێر بێ، ئەم پەتایە هێندە کوشندەیە کە پاشە ڕۆژێکی ڕەشی لێ ئەکەوێتەوە، جا ئیتر بە هەیت و هووت و هەلا هەلای نووسەران ئەو بەردە ترازاوە ناخرێتەوە شوێنی خۆی و کوردستان ئەبێتە دوو بەرە بەرەی شەڕ کە هەوڵ ئەدەن زیاتر پارچە پارچە کرێ و بەرەیەکی دەست و پێ بەستراو کە (لاحول لە ولا قوە) . کەواتە یان ئەبێ کارێکی وا بکرێ ڕق و کینەی نێوان ئەم دوو دژە یەکە پەرە نەسێنێ و نەبێتە ئینفلۆنزای کورد و

دامرکێتەوە، ، یان با هەموو بۆ دۆزینەوەی نزیکترین ڕێگای کوردستان بەرەو هەڵدێر بردن دەست لە خۆمان بشۆین و بکەوینە گیانی یەکتر لە سەر کێشەیەك کە هیچ کامیان چۆك بۆ ئەوی تر دانادا و تا دێ ئاڵۆز تر ئەبێ تا سەرەنجام لە سەری لایەکیاندا ئەشکێتەوە. لە حاڵەتێکدا ئەگەر کێشەکە ڕووی پارتی گرتەوە بەوەی تاوانبار ئەکرێت بە پێی نوسینەکانی دکتۆر و بێ بەڵگەنامەی تەواو کە گوایە جاسووسی ئیسرائیل و ڕووس و ئەمریکایە، کەسێك نیە نەزانێ کە بوون بە جاسووس لە پێناوی دەستکەوتێکی موقنیع بۆ میللەت نەك هەر پارتی بەڵکو هەموو حیزب و وولاتێکی خاوەن بەرژەوەندی لە جیهاندا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بە پێی ڕا گۆڕینەوەو دیالۆگ لە سەر بەرژەوەندیە تایبەتمەندیەکانی دەست تێکەڵ ئەکات و مل کەچی هەندێ ئیلتیزاماتیشی ئەبێ لە گەڵ هەر دەوڵەتێکی خاوەن دەسەلآت و سەرمایەدار ئەمە مانای ئەوە نیە بۆتە جاسووسی ئەو تەرەفە ئەوە تەنها ئێمەی کورد بۆ بریندار کردنی موقابیل خوامان نیە (وەك چۆن دووکەس شەڕیان ئەبێت یەکێکیان بەوی تر ئەڵێ ئێوە بەعسی و جاش و، ، ، ، هتد، پاشان بۆ جاسووسی بکات کە خودی ئەو دەوڵەتانە بە تەکنەلۆجیاو مانگی دەستکرد هێلکەی ژێر مریشکەکانیان ئەبینن و زانیاریان بۆ دێتە ژوورەوە ئیتر چ پێویست ئەکات ئەم پۆستە بە تەتەردا ڕەوانە بکات، بە پێچەوانەوە پێویستە ئێمەی کورد جاسووسمان بخەینە ئەو وولآتانەوە نەك بۆ کاری سەربازی بەڵکو بۆ تەکنەلۆجیاو کارە پێشکەوتوەکانیان، مەسەلەی بوون بە جاسووس مەنتیق نیە، ، بەلآم تاوانی تری تایبەتمەند (شەخسی) یان شەڕی کۆنەقین و گرژی و پێك نەهاتن لە سەر کارێکی بەرژەوەندی و بازرگانی زەرەرو قازانج و موڵك و کێشەی خێزانی ئەوەیان کێشەیەکی خۆیانەو کەس بۆی نیە چیلکەی تێوە بدات، بەلآم هەر وای ئەویست نەخرێتە سەر سایتی ئەنتەرنێت و ڕۆژنامەکان و دیبلۆماسیەتی ڕەفتارو دیالۆگ کردن لە گەڵ یەکتر سەنگی محەك بوو بۆ مانەوەی (ما و الوجە) بۆ هەردوو لا وە دووریش نیە خۆیان دوور لە چاوو دەمی خەڵکیش پێك نەیەنەوە، بەلآم هەر وا باش بوو ئەنجومەنێك بۆ چارە سەروو لێ کۆڵینەوەی ئەم پەتای کوردە و بەتایبەتی کێشەی نێوان بەڕێز د. کەمال و ئەو بەڕێزانەی پارتی پێك بهێنرێ بە مەرجێ میسداقیەتی هەبێ و بێ لایەنانە کارەکانیان ئەنجام بدەن و نهێنی گفتو گۆکان بپارێزن تا ئەوەندەی تر نەبێتە بنێشتە خۆشەو کەسانی ناحەز بە هەردوو لا نان و پیازی پێوە بخۆن، ڕاستە قەڵەم چەکە و ووشە بارووتە بۆ هەموو هەڵوێستێك

بەلآم حەزەر وەرگرتن لە پێکاندنی نیشانە گرنگ ترە و ئومێد ئەکەین بە هاوکاری دڵسۆزان کە نیشانەی هەردوو تەرەف و ئێمەش لە گەڵیان بۆ یەك مەبەست بێ بە سەرپەتای ئەم لە یەك نەگەیشتنە کوشندەیەدا سەرکەوین و قەڵەمەکانیشمان هەیبەتیان نەشکێنرێ.